# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ کۆمەڵە شیعری «ئێوارانی ڕاین»

عادڵ قادری
(کرماشان)

## کوردبوون لەسەر سنوورەکانی جیهان

ئەگەر شیعر بە ڕەسەنترین شێوەی بوون و وجوودی مرۆڤ وێنا بکەین، بێگومان بە زایەڵە و دەنگدانەوەیەکی کەونینە و منداڵئاسایانە هاوار دەکات و دەچریکێنێت، واتە دەرکەوتنی شێوەیەکی دژەباو و دانسقەی هەیە، شیعر لەم حاڵەتەدا یاخیبوون و ڕاسانێکە لە هەمبەر هەموو ئەو شتەی کە ئینسانبوون و ڕەسەنایەتی ئینسان دەخاتە مەترسی و کاڵکردنەوەوە. کەونینەبوون، بە واتایەک بەدەویبوون لێرەدا دەلالەت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەناو دەسکەوتە دێز و نەگریسەکانی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی و مامەڵە و سەوادگەرێتییە ڕەشەکانێتی! مۆدێرنیتەیەک کە نە بە زۆر و تۆپزی توانی هێوری و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی زەوی مسۆگەر بکات و نە ئاسایشێکی ڕێژەیی و دیاریکراوی بە شێوەیەکی یەکسان و عادیلانە خستە خزمەتی مرۆڤی ئەم گۆشەیەی گۆی زەوی، لێرەدا بەدەویبوون و منداڵانە ڕوانین بۆ دنیا، لێدان لە دەرکەوتە مۆدێرنەکان و لێشاوی سوپا و فەرمانبەر و سیاسییەکان و جەنگاوەرەکانی، هەمان بەرخۆدان و یاخیبوونێکە کە بیرمەندانێکی وەک فووکۆ و کامو پێشەنگی و نوێنەرایەتییان دەکرد.

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەدەبی کوردی و بە پلەی یەکەم شیعری کوردی لە سەد ساڵی ڕابوردوودا بە شێوەی وشیارانە، یان ناوشیارانە، زایەڵە و هاوارێکی گەورە دژی ئەم

دۆخە سەپێنراو و لایەنە ڕەشەی مۆدێرنیتەی زۆرەملێ و ئامێرتەوەر بوون، ئەم ڕەوتە نامێژوویی و ناسروشتییە، بەدەر لەو دابڕان و قەڵشتە گەورەیەی کە لە نێوان دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دروستی کرد، پرۆسە و ڕەوتی گەشەی پێکهاتمەندانە و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی بە شێوەی سروشتی و بنەمایی، پەکخست و ڕاوێژکار و نوێنەرە ناڕەسەنەکانی خۆی بە سەریاندا زاڵ و جێگیر کرد و بانگەشەکانی خۆی لە چوارچێوەی گوتار و دیسکۆرسی جۆراوجۆر، بازاڕی مەسرەف و خەریتەی سیاسی و کولتووریی جۆراوجۆر خستە هەناوی کۆمەڵگاوە، ئەوەی لەم دۆخە پڕ تراژیک و ڕەشەدا وەک ئەرکی شاعیران و ئەدیبانی کورد دەرکەوتووە، هاوار دژی ئەم ناعەدالەتییە بووە، جا ئەم ناعەدالەتییە چ بەهۆی زاڵبوونی ئامێرە مۆدێرنەکان بووبێت، یان پێکهاتی کولتووریی جیهانی نامۆدێرنی ڕۆژهەڵات. بە دەربڕینێکی دیکە ئەم هاوارە دژی ئەو ڕوحە پووکاو و دەعەجانی و لار و لەوێرەی ڕۆژهەڵاتیشن کە فۆرم و ڕوحی مۆدێرنیتەکەی لە ناو کایەی پاش کۆلۆنیالیزمدا بیچمی گرتووە و لەدایک بووە، ئەگەرچی ئەمە تاقانە تێڕوانین و دیدگا نییە بۆ مۆدێرنیتە و بەدواداهات و چییەتی بەدیارکەوتنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام جەنگ و خوێن و ناعەدالەتی و گەندەڵی و نەوت و...دەرهاوێشتەی هەبوونی هەمان ئەو ئامێرانەن کە وەک پشتیوانی ئەم خواستە نادروستە هاتوون و مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆنی ڕۆژئاوا بەرهەمی هێناون، بەڵام لەم گۆشەیەی گۆی زەوی بە ڕوانین و خواستێکی چڵێسانە و خۆپەرستانە! فاشیزمی بەرهەم هێناوە!.

لە گۆشەیەکی زەویدا کە هەموو شتێک لە ژێر دەستی کەمینەیەکی دیاریکراو کە خۆیان وەک ئیلیت و فەیلەسووفی کۆمەڵگا و مێژووە



**یووسف مەنتک**

خوێناوییەکەی وڵات ناوزەد دەکەن و هەموو دەستکەوت و دەرهاوێشتەکان و نەوت و خوێن و پیرۆزیی بە هی خۆیان دەزانن! ئەگەرچی هەر چەند زیاتر لە نەزمی نوێ و هەیمەنە و زاڵێتی میدیدا گشتییەکان تێدەگەین، بەم ڕاستییە دەگەین کە زمان و نووسین و ئەکتی ئاوەزمەندانە و بیرمەندانەی زمان، کەوتووەتە داوی لایەنێکی دیکەی مۆدێرنیتەی ئامرازیانە و تەکنۆلۆژیی پاش مۆدێرنەوە، بە تایبەتی لە جیهانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتیتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە زمان و وشەکان کەوتوونەتە داوی دۆخێکی بۆش و بەتاڵ و ئابزۆردەوە (Absurd)، بۆیە لە ئەکتی ناڕازییانە و چۆنایەتی و کوالێتی ئاوەزمەندانە و ڕەهەندی بوونناسانە و خەرمانەی پیرۆزی خۆی وردەوردە داماڵرا.

هەر بۆیە ئەمە زیاتر لە هەر کەسێک ئەرکی شاعیران بوو کە حورمەت و پیرۆزایەتی و ناکۆتابوون بۆ جیهانی وشە و زمان و یانەی بوون بگەڕێننەوە، کە ئەوەش لە ڕێگەی ناڕەزایەتی و دژایەتی لە هەمبەر دۆخی ئامادە و سەپێنراو، هەروەها بە دژوەستان و ناڕەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر ناعەدالەتییەک کە فاشیزمی

ڕۆژهەڵاتی بە یارمەتی عەقڵانییەتی ماتریالیستی و ئامرازیانەی ڕۆژئاوا خەریکی پراکتیزەکردنێتی، ماشێن و مەکینەی فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی بە سووتماکی بەرهەمهێنراوی ڕۆژئاوایی خوێن دەڕێژێت و برینەکانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بە سوێ و بەئازارتر دەکاتەوە، بیرەوەریی ئینسانبوونی کەونینەیان دەسڕێتەوە، ڕق و قین لە جێگەی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی و پێکەوەژیان دادەنێت و فەرامۆشی و لەبیرکردن، ڕەسەنایەتیی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەکاتە ئامانج، شاعیران و ئەدیبە کوردەکان بەهۆی دۆخی ئۆنتۆلۆژیک و بووناسانە، هەروەها هەلومەرجی ژێئۆپۆلەتیکی شەڕی نیشتمان، لە بەرەی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوە و دەستەویەخەبوون لەگەڵ ئەم لایەنەی مۆدێرنیزم و ئەو شێوەڕوانینە ئامرازیانەیەن کە ئەگەر و هەلی چالاکبوون و دەسەڵاتگرتنی فاشیزمیان لەخۆیاندا هەڵگرتبوو، ئەدەبی کوردی لە یەک سەدەی ڕابوردوودا دەنگی بڵند و دلێری ناڕەزایەتی دژی فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی و کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی بووە.

کوردستان تاقیگەی پراکتیزەکردنی ئەم دوو تێڕوانینە دژەمرۆیی و دژە شارستانییە بووە و لە هەمان کاتیشدا مەتەرێز و سەنگەری بەرخۆدان و خۆڕاگری دژ بە فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی کە لە سەرەوەیان تورکیای ئەردۆغانی و دیکتاتۆرییەتی (سەدام حوسێن)ـە، کە هەردووک جێبەجێکاری تاقیکردنەوەی چەک و تەقەمەنی ئامرازەکانی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی لە کوردستاندا بوون. ئەدەبێک کە «دەربەندی پەپوولە» و «گوڕستانی چراکان»ی شێرکۆ بێکەس لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەورەترین ژینۆساید و پاکتاوکردنی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، واتە ئەنفال و هەڵەبجە بەرهەم دەهێنێت، ئەدەبێک کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕوحی داگیرکراو و بەکلۆنیالکراوی نیشتمان، «شاری مۆسیقارە سپییەکان» و « عەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ»ی (بەختیار عەلی) بەرهەم هێنا، پێویستی بە باسکردن و سەلماندنی ڕوحییەتی ئازادیخوازانە و ناڕەزایەتییانەی نییە.

ئەم کۆشیعرەی بەردەست لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەی مانایی و ناوەرۆکە گشتییەی ئەدەب نییە، مانا و ناوەرۆکگەلێک کە لە جیهانی ڕاستەقینە و ڕۆژانەوە هەڵخێزراون و سەرچاوەیان وەرگرتووە، ئازار و ئێش و گرێ و پەژارەی سەرکوتکراوی مێژوویی نەتەوەکەی دەگێڕێتەوە، کە ڕەخنەی توند و ئاگراوی دژی سیاسییانێک کە نەیانتوانیوە ئێش و زامەکانی نەتەوە ساڕێژ بکەن، کاکڵە سەرەکییەکەیەتی!

شیعری یووسف مەنتک لێوانلێوە لە ئاماژەی مێژوویی بە بەیت و ئەفسانە عاشقانە و حەماسییە کوردییەکان، کەسایەتییە نەتەوەییە کوردەکان و دەرکەوتەکانی زوڵم و نادادی و ستەم، لە هەمان کاتدا کە بە خوو و خواستێکی ڕەخنەگرانە و ناڕازیانەوە دێتە گۆ، بەرگریکار و ستایشکاری جیهانێکی ئارام و هێمن و سیخناخ لە خۆشەویستی و نەرمونیانییە، کوردبوون لە نێوان ئازار و ناڕەزایەتی و خۆشەویستی و میهرەبانی لە سنوورەکانی کوردستان تا ئەڵمانیا جاڕ دەدات و دەچریکێنێت، هەر بۆیە ئەم شەپۆلە لە پرسیار و گومان و ناڕەزایەتی و مافخوازی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕەوتە ئایدیۆلۆژیکانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ کۆیلە و فەرمانبەری کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا، یان فاشیزمی ڕۆژهەڵاتن و خوێندنەوە و هەڵگۆزینی پێچەوانە و بەرژەوەندیخوازانەی ئەوان لە چەمکە قودسی و پیرۆزەکان بەم شێوەیە دێنێتە گۆ:

**تۆ لەکوێی ئەی خودا؟**
**سەدان ساڵە**
**کورد هاوارت بۆ دەکا**
**دەنگی نابیستی؟**

**زیندەبەچاڵ دەکرێ**
**ئەنفال دەکرێ**
**تەعریب و تەهجیر دەکرێ**
**منداڵ و ژنانی**
**بە کەنیزەک دەبرێ**
**تۆ لەکوێی ئەی خودا؟**
**سەدان ساڵە**
**کورد هاوارت بۆ دەکا**
**لەم سەردەمی عەولەمەدا**
**نابینی؟**
**بە دەست جوندەکانتەوە چی بە سەردێ**
**شەنگال، کۆبانێ،**
**شارەکانی باشوور**
**ئیعدامی سەرشەقامەکانی ئێران**
**تاوانەکان بە درێژایی مێژوو**
**چیت بۆ باس بکەم**
**هەر قسە ناکەی**
**ئیمڕۆ قامیشلووت بینی؟**
**ئەوانەش مرۆڤی تۆن**
**لە کاتێکدا دنیا ئیدانەی کرد**
**تۆ هەر قسەیەکت نەکرد!**
**تۆ لە کوێی ئەی خودا ؟**
**سەدان ساڵە کورد هاوارت بۆ دەکا**
**قسەیەکت نەکرد!**

ئـەم خودایـەی کە شـاعیر باسـی دەکات دەشـێت وەک خودایەکـی سیاسـی گریمانـەی بکەیـن کـە گوتـار و وێژمانـە هەیمەنەخـواز و پاوانخـوازەکان لـە سـۆنگەی خواسـتی دژە مرۆڤانەیـان و توندڕۆخوازییـان لـە خوێـن تێـراو و پـاراوی دەکـەن.

تێڕوانینـی ڕەخنەگرانـەی شـاعیر ڕادیـکاڵ و بێڕەحمانەیـە و لـە دەربڕینیـدا هیـچ هاوزمـان و هاوخوێنێـک نابوێرێـت، چونکـە ئـازادی شـتێک نییـە بـۆ هـەر پاساوێک قوربانیـی بکرێـت و لـە بەرگریکـردن لێـی شـل و شـۆڵ دەرکەویـن، یـان پاشـگەز ببینـەوە، چـوون مرۆڤایەتـی ئامێـر و شـتومەک نییـە تـا سـەودا و موعامەلـەی پێ بکەین و لـە شـوێنێک بەرگری لـێ بکەیـن و لـە شـوێنێکی دیکـە پشـتی تێکەیـن، یـان کەمتـر بەرگـری لـێ بکەیـن و هـەر بـۆ ئەمەشـە لـە شـیعری «دیـوی دووەمـی مـرۆڤ»دا دەڵێـت:

**ئاگری بن کا**
**ڕووباری مەند**
**کەم دوو و بێدەنگ**
**درۆزن**
**ترسناکن**
**بەڵام سیاسییە بازرگانەکان**
**دیوێکی دیکەی هەموو ئەوانەن**

سیاسـەتی نەوت و سیاسـەتی سـەرمایەدارانە بوو بـە نەزمێکـی نـوێ تـا مـرۆڤ و مرۆڤایەتـی و ڕوحی بەرزەجـێ و ترانسـێندێنتاڵی سـەرکوت بکرێـت، یەخسـیر بکرێت و بخەسـێنرێت، بـەڵام ئەمە هەموو ڕووداوەکـە نییـە، لـە ڕۆژئـاوا و مۆدێرنیتەکـەی، لـە بـاوەش و هەنـاوی کۆلۆنیالیزمیشـدا «کلۆدیـا ڕۆت»ـەکانیش هـەن کـە ئامێزیـان بـۆ مرۆڤانـی بـێ نیشـتمان و پەنابەرانـی دنیـا بـە میهـر و خۆشەویسـتییەوە کراوەتـەوە و جێگـەی بـڕوا و متمانـەی دووبـارەن بـۆ ئـەم پەنابـەر و بـێ نیشـتمانانە:

**پیترای شاژنی تەدمر**
**ئازابوو**
**کە ڕۆم بەدیلیان گرت**
**چەندە ئازابوو**
**هێندەش بەهێزبوو**
**تا زەلیل نەبێ لەدەستی دوژمن**
**کۆتایی بە ژیانی هێنا**

**نازانم چۆن**
**ئەو هەموو:**
**ئازار و خەمە**

خوێن و برینە
ماڵوێرانی و ئاوارەیییەی
پەنابەرانت لە کۆڵناوە!

ئـەم ئـازارەی «ئێوارانـی ڕایـن» بـە هەبوونـی کلۆدیا ڕۆت ئۆخژنـی بـۆ دێـت و ئۆقـرە دەگرێـت:

ئێوارانی ڕاین
ئێوارەی پەنابەرانە
پیاوەکان، عەرەبانەی منداڵ پاڵ دەنێن
ژنەکان سەریان لەناو مۆبایلەکانیانە
بۆ شتێکی بزربوو دەگەڕێن
ڕاینیش ئارام
جار ناجارێک نەبێت
کەشتییەک خۆی ڕادەوەشێنێ

دیسـان ئەمـە هەمـوو ڕووداوەکـە نییـە، شـاعیر لـە ئاوەهـا جیهانێکـی تەنـگ و تاریـک و سـامناکدا خۆشەویستی لەبیـر نـاکات، «شـێتەکانی هەولێر» و فۆرمـی تایبەتـی دەربڕیـن، شـیعرییەت و پتەوبوونـی پێکهاتـی شـیعرەکەی چەنـد قـات کردووەتـەوە:

مەمەندە شێت:
بێدەنگی
کۆنی جل و عەرەبانە کۆنەکەی
کۆن
بە قەدەر
قەڵای هەولێر
لیکاوەکەی
درێژ
بە قەدەر
دیجلە و فورات

ئەو لـە هەمـان کاتـدا کـە ناڕەزایەتـی و تووڕەیی و بـێ ئۆقرەبـوون دەردەبڕێـت و بـۆ خۆشەویسـتی دەهۆنێتـەوە، بـۆ عەشـق هـاوار دەکات، هـاوکات لـە نادادپـەروەری و بـێ عەدالەتـی دەدات و ژێـی میهـر و خۆشەویسـتی و ئەویـن دەژەنێـت:

لە ڤالەنتایندا
شەپۆلی ماچ و گوڵباران
ڕێگەی دابران، دواتر
***
لە گوند
هەموو ڕێیەک دەچێتەوە
سەر کانی
***
قوڕگی حەیرانێک و
لارو لەنجەی کیژانی
ڕێی کانی
ئاوازێکی دزراون
لە دڵی کوڕانی گوند.
***

لێکدانەوە و هەڵسـەنگاندنی هەموو وردەکارییەکانی ئـەم ئەزموونـە شـیعرییە لـە وتارێکـی کورتـی ئاوەهـادا لەمـە زیاتـر هەڵناگرێـت و مەبەستی منیش لێـرەدا شـیکاریی لایەنەکانـی فـۆرم و نـاوەڕۆک و دەربڕیـن نەبـووە، ئەگەرچـی لـە زۆربـەی شیعرەکاندا کەڵکەڵـەی فـۆرم ئامـادە و زەق نییـە کـە زمـان و دەربڕیـن تووشـی ئاڵۆزکاویـی بـکات و لـە کایـە زمانـی و فۆرمییەکانـدا دەرکەوێـت، بـەڵام دەربڕینـی سـادە و سـاکار و فۆرمـی نێزیکـی لـە شـێوە ئاخافتنـی سەرشـەقام و زارەکـی و ژیانـی ڕۆژانـەی خەڵـک، تانوپـۆی پێکهـات و جومگەکانـی ئـەم شـیعرانەی تەنیـوە، جگـە لـە چەنـد شـیعر لەوانـە «شـێتەکانی هەولێـر»، دەربڕینـی شیعری و فۆرمـی دەربڕیـن بـە شـێوەی هێڵیانـە و بـاو و ڕاستەوخۆیە و شـوێنپێی لۆژیکـی دەربڕینـی سـادە و سـاکار و زۆر جـار کورتبێژانـە دەگرێـت، لـە ڕووی ناوەڕۆکیشـەوە ئـەم شـیعرانە دەرخـەر و دەربـڕی کوردبـوون لـە سەرسـنوورەکانی جیهـان و زەمینـدان لـە دنیـای بـێ سنووری هەنووکە و لـە نیشتمانی خوێنئاڵینی خۆیـەوە تـا نیشـتمانی پەنابـەران و غوربـەت و ئاوارەیـی هـاوار دەکات و شـیعر دەهۆنێتـەوە!